ئیعجازی سوننەت

نڤیسەر:

محمد صدقی



بسم الله الرحمن الرحيم:
بەڵگەکان(نیشانەکان، موعجیزەکان) کامانەن کە خوای پەروەردگار پشتگیری پێغەمبەرەکەی محەمەد (صلی الله علیه وسلم) پێکردووە؟
و: بەڵگەکان(نیشانەکان، موعجیزەکان) ی پێشەوامان محەمەد (صلی الله علیه وسلم) زۆرن ، لەوانە :
1- ئەو موژدانەی کە لە کتێبە ئاسمانیەکانی پێشتردا باسکراوە و راستی ئیعجازی سوننەت:
کتێبە ئاسمانییەکانی پێشتر مژدەیان داوە بە پلەو پایەی محەمەد (صلی الله علیه وسلم) پێش ئەوەی لە دایك ببێت، وە هەواڵیان داوە لەسەر سیفاتەکانی محەمەد (صلی الله علیه وسلم) و سیفاتی نیشتمان و نەتەوەو ئەو رۆژگارەی تیایدا ژیاوە.
خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ ۚ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنزِلَ مَعَهُ ۙ أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ)

واتە: ئەوانەی کە شوێنی ئەم محمد پێغەمبەرە هەواڵدەرە نەخوێندەوارە دەکەون ئەوەی کە (گاورو جوو، ناوو نیشانیان) دەستیان دەکەوێت نووسراوە لای ئەوان لە تەورات و ئینجیلدا، فەرمانیان پێدەدات بەچاکەو قەدەغەی گوناهو خراپەیان لێدەکات و هەرچیەک پاکو چاکە بۆیان حەڵاڵ دەکات و هەرچی پیس و ناپوختە لێیان حەرام دەکات و ئەرکە قورس و سەنگینەکان لەسەرشانیان لادەبات، ئەو کۆت و زنجیرانەش کە لەسەریان بوو لای دەبات (وەک خۆ کۆشتن لەکاتی تەوبەدا ... هتد)، جا ئەوانەی باوەڕیان پێ هێناوە و پشتیوانیان لێکردوە و پشتگیریان کردووە و شوێنی ئەو نوورە کەوتوون ((کە قورئانە) و هاوڕێ لەگەڵیدا ڕەوانە کراوە، هەر ئەوانە سەرفرازو ڕزگارن

الاعراف : 157

مالومەکانی جولەکە (زانا ئاینیەکانی جولەکە) و قەشەکانی ئاینی مەسیحی مژدەیان دەدا بە هاتنی محەمەد (صلی الله علیه وسلم) پێش ئەوەی خوای پەروەردگار بینێرێت ،وە ئەو عەرەبە هاوبەشی پەیداکەرانەی کە ئەو مژدانەیان بیستبوو لەلایەن جولەکە و گاورە وە و باوەڕیان پێیان نەدەکرد خوای گەورە وەڵامیان دەداتەوەو دەفەرموێت:

﴿وَإِنَّهُ لَفِي زُبُرِ الْأَوَّلِينَ ﴿١٩٦﴾ أَوَلَمْ يَكُن لَّهُمْ آيَةً أَن يَعْلَمَهُ عُلَمَاءُ بَنِي إِسْرَائِيلَ ﴿١٩٧﴾

الشعرا 196-197

واتە(بێگومان هەواڵی ڕاستی و دروستی ئەم قورئانە لە کتێبە پێشووەکاندا باسکراوە،ئایا لەوەدا بەڵگە و نیشانە نەبوو بۆ ئەو خەڵکە کە زاناکانی نەوەی (ئیسرائیل دەربارەی پێغەمبەر و قورئان، گەلێ شت دەزانن

کاتێك خوای گەورە پیشەوامان محەمەد (صلی الله علیه وسلم) نارد ،بەرەیەك باوەریان پێی هێنا و بەرەیەك بێباوەر بوون، ئەوانەی باوەڕیان هێنا پاڵنەری گەورەیان بریتی بوو لە بوونی ئەو نیشانانە لە پیغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) کە پێشتر باسکراوە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا ، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ

الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ مِن قَبْلِهِ هُم بِهِ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٢﴾) القصص 5

(.واتە (ئەوانەی پێشتر کتێبی ئاسمانیمان پێ بەخشیوون، ئەوان بەو قورئانە باوەڕ دەهێنن

.تا ئەمڕۆش موسوڵمانبوونی گاور و جولەکە هەر بەردەوامە بەتایبەت لە نێو زاناکانیاندا

:موعجیزە قورئانیەکان --2

خوای گەورە کتێبێکی بە پێغەمبەرەکەیدا محەمەد (صلی الله علیه وسلم) ناردووە کە موعجیزە و بەڵگەی روون ،و نیشانەی خوایی زۆری تێدایە بۆ ئەوەی لە جێگەی کۆتای پێهێنانی (ختم) ی خوایی باوەڕ پێکراودا بێت بۆ پەیامەکەی پیخەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وە ئەم بەڵگە(نیشانە،موعجیزە)ە :قورئانیانە لە چەند شێوەیەکدایە

قورئان بەڵگەیەکی ڕوونە لە ڕەوانبێژی وتەکانی و شێواز و پێکهاتەکەیدا ،قورئان ڕووبەڕووی (تەحەددا) ی ئادەمیزاد و جنۆکە دەبێتەوە لەسەر ئەوەی کە .بتوانن وێنەی ئەم قورئانە بهێنن

خوای گەورە دەفەرموێت: (قُل لَّئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَىٰ أَن يَأْتُوا بِمِثْلِ هَٰذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا) الاسراء 88

واتە (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم پێیان بڵێ: سوێند بە خوا ئەگەر هەموو ئادەمیزادو پەریەکان کۆ ببنەوەو (هەوڵی بەردەوام بدەن تا) قورئانێکی (وەکو ئەمە دانێن و بیهێننە (مەیدان) ناتوانن کاری وابکەن و ناتوانن لە وێنەی بهێنن، ئەگەر چی هەموو لایەکیان ببنە پشتگیرو یارمەتیدەری یەکتر

قورئان بەڵگەو نیشانەیەکی ڕوونە بۆ ئەو ڕووداوە نادیار و شاراوانەی کە لە رابردوودا ڕوویانداوە و لە دەروونی خەڵکیدا ببوو بە پرسیار لەو کاتەدا ، وە .چەند ڕووداو و هەواڵی نادیاری تر کە باسیان لێوە دەکات لە داهاتوودا ڕوودەدەن، تا ئێستاش بە تێپەڕبوونی کات ڕوودەدەن

خوای گەورە دەفەرموێت: (تِلْكَ مِنْ أَنبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ ۖ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَا أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَٰذَا ۖ فَاصْبِرْ ۖ إِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ) هود 49 واتە (ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) ئەو باسانەی بۆمان کردیت لە هەواڵە نادیارەکانە کە بۆت دەنێرین، نەتۆ دەتزانی و نە هۆز و نەتەوەکەشت پێش ئەم (باسەی ئێمە، جا خۆگرو بە ئارام بە، چونکە بەڕاستی پاشەڕۆژ بۆ خواناس و پارێزکارانە

قورئان بەڵگەو نیشانەیەکی ڕوونە لە ڕووی کاریگەرییەکەی لەسەر دەروونی خەڵکی ، چونکە کاتێك دەیخوێنیتەوە هەست بە کارتێکردنێکی گەورە دەکەیت لەسەر دەروونت هەروەها هەست دەکەیت ئەوەی قسەت لەگەڵدا دەکات خوای پەروەردگارە، هەروەك خوای گەورە لە وەسفکردنی کتێبەکەیدا : دەفەرموێت

اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ)

الزمر : 23

واتە (خوا جل جلا لە جوانترین و پیرۆزترین فەرمایشتی ناردۆتە خوارەوە کە ئەم قورئانەیە، (لە جوانی دارشتندا) بابەتەکانی لە یەك دەچن، هەندێك باسیشی بەشێوازی جیاواز تیادا دووبارە بۆتەوە، جا کارکردی ئەم قورئانە ئەوەیە کە: تەزوو دەهێنێت بە گیان و پێستی ئەوکەسانەدا کە ترسی پەروەردگاریان لە دڵ و دەروندا هەیە، پاشان گیان و پێست و دڵیان نەرم و ئامادە و چالاك دەبێت بۆ یادی خواو خواپەرستی ئا ئەوە هیدایەت و ڕێنموویی خوایە کە هەر کەس شایستە بێت هیدایەت و ڕێنموویی دەکات بۆ پلەو پایە بەرزانە، ئەوەش کە ڕێبازی خوا ون بکات کەس نیە ڕێنموویی .بکات)وە کاریگەری قورئان زیاد دەبێت بە زیادبوونی بیرکردنەوە و تێرامان لە ئایەتە پیرۆزەکانی

قورئان سەرسوڕهێنەرە لە باسکردنی ڕێنمویی و پەیڕەوە دینییەکاندا بۆ ئوممەتێك کە باشترین ئوممەتە لەناو ئوممەتەکانی دنیادا ، هەروەك خوای :پەروەردگار دەفەرموێت

كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ۗ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم ۚ مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ)

آل عمران: 110

واتە ((بەڕاستی) ئێوە چاکترین ئوممەتێکن کە (بۆ سوودی) خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە، چونکە فەرمان بەچاکە دەدەن و قەدەغەی خراپە دەکەن و باوەڕی دامەزراوتان بخوا دەهێنن، خۆ ئەگەر خاوەنانی کتێب باوەڕیان بهێنایە (بە ئاینی ئیسلام) ئەوە چاکتر بوو بۆیان هەیانە ئیماندارن، بەڵام

(زۆربەیان گوناهبارو تاوانکارن

.وە مەحاڵە کە نەخوێندەوارێك لە بیابانەوە بێت، کە نەخوێنێتەوە و نەنوسێت و مایەی ڕێنمویی بێت بۆ خەڵکانیك کە باشترین ئوممەت دەربچن

وە قورئان موعجیزەیەکە بۆ ئەو ڕاستییە زانستیانەی کە ڕوودەدەن، چونکە هەتاوەکو ڕۆژگار(زەمان) زیاتر تێپەڕێ، وردیو ڕاستی و دروستی قورئان زیاتر ئاشکرا دەبێت، یئرەدا تەنیا باسی ئیعجازی سوننەت دەکەین.

محمد صدقی
Mohammed.sidqi@icloud.com
هەرئمی کوردستان-عئراق/دهوك
ناحیا شێلادزێ
2017/01/01

____

[١]:
www.haiv.org



دۆزینەوەی تۆڕێکی گەورەی ڕووبار لە
بیابانی عەرەبی ئیعجازی
فەرمودەیەکی پێغەمبەر دەسەلمێنێت

دۆزینەوەی تۆڕێکی گەورەی ڕووبار لە بیابانی عەرەبی ئیعجازی فەرمودەیەکی پێغەمبەر دەسەلمێنێت
!کێ ئەم دۆزینەوە زانستیەی ساڵی 2012 ی بە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) گەیاند؟؟
دۆزینەوەی تۆڕێکی گەورەی ڕووبار لە بیابانی عەرەبی ئیعجازی فەرمودەیەکی پێغەمبەر دەسەلمێنێت!! ئەم وێنەیە کە بە مانگە دەستکردەکان لە ناوچەی بیابانی سعودیە گیراوە، تۆڕێکی گەورەی ڕووبار دەرکەوتوە بە ڕەنگی ڕەش، کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بووە بە دۆڵ و بەلمیبیاباندا ڕۆچووە،
:بروانە ئەم سەرچاوەیە
http://www.dlr.de/blogs/en/desktopdefault.aspx/tabid-5919/9754_read-204/
..یەکێك لە دۆزینەوە گرنگەکانی ساڵی 2012، دۆزینەوەی تۆڕێکی زۆر فراوانی ڕووبار و دەریاچە بوو لە ژێر لمی بیاباندا
Michael Petraglia پرۆفیسۆر
لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لەگەڵ تیمێك هەستان بە لێکۆڵینەوەیەك لە بیابانی نیمچە دورگەی عەرەب، بینیان ئەم بیابانە وشك و برینگانە، تۆڕێکی گەورەی ڕووبار لە ژێر لمەکەیدا شاراوەتەوە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم ناوچەیە لە زوودا شوێنی ژیانو ئاوەدانی و بێستان و دارستان بووە.
کورتەی لێکۆڵینەوەکە لەبەرواری 26/4/2012 بە ناونیشانی
(Scientists explore an ancient network of rivers and lakes in the Arabian Desert) بڵاوکرایەوە.
وێنەیەکی تر کە بەمانگە دەستکردەکان گیراوە، بەشێکی نیمچە دورگەی عەرەب دەردەخات، کە دەریاچەیەکی گەورەی لە ژێر لمی بیاباندا تیدا دەرکەوتوە، کە هەزاران ساڵە دیار نەماوە.بڕوانە بۆ ئەم سەرچاوەیە:
http://www.dailymail.co.uk/sciencetech/article-2138346/Climate-change-Stone-Age-style-Satellite-images-arid-Arabian-desert-flowed-lakes-rivers-life.html
.لەمەوە زانایان دەریانخست کە چۆن لە رابردوودا ئەو بیابانە وشکانە ڕووبار گەل و بێستان بوون، لە داهاتودایشدا هەر بەو جۆرەیان لێ دێتەوە
:ئەمەیش ئیعجازی ئەو فەرمودە پیرۆزە دەردەخات کە دەفەرموێت
[لا تقوم الساعة حتى تعود أرض العرب مروجاً وانهاراً] [رواه مسلم].
واتە: قیامەت هەڵناستێت هەتا زەوی عەرەب نەبێتەوە بە ڕووبار گەل و بێستان.وشەی (تعود) بە واتای ئەوەیە لە ڕابرووداا بەوجۆرە بووە و لە داهاتویشدا وای لێدێتەوە.

Referenc:سەرچاوەیە:
١-http://www.dailymail.co.uk/sciencetech/article-2138346/Climate-change-Stone-Age-style-Satellite-images-arid-Arabian-desert-flowed-lakes-rivers-life.html
٢-http://www.dlr.de/blogs/en/desktopdefault.aspx/tabid-5919/9754_read-204/
٣-
www.haiv.org

نڤیسەر و وەرگێران:محمد صدقی یاسین
هەرێمی کوردستان-عێراق
Mohammed.sidqi@icloud.com

زانستی نوی باشی پزیشکی سیواك بو ددان دوباره دەکات وەك پیغەمبەر باس دەکات

زانستی نوی باشی پزیشکی سیواك بو ددان دوباره دەکات وەك پیغەمبەر باس دەکاتزانست راستی قسەکانی پیغەمبەر(ص) دەربارەی باشی پزیشکی سیواك بو ددان دوباره دەکات کە لە سەحیحي بوخاري و موسلم باسکراوە و لێکۆلینەوە زانستیەکان ئەوەیان پشت ڕاست کردەوەکە ڕووەکی سیواك کاریگەری چالاکی هەیە لەسەر لەناوبردنی هەموو جۆرێك لەبەکتریا کە دەبنە هۆی کلۆربونی ددانەکان وەنەخۆشییەکانی هەوکردنی پوك وە سیواك کارلێکی میکانیکی و کیمیاوی هەیە لە سەر ددان

Referenc:
http://www.ncbi.nlm.nih.gov/m/pubmed/15224592/

نڤیسەر و وەرگێران:
محمد صدقی یاسین
هەرێمی کوردستان-عێراق
Mohammed.sidqi@icloud.com



پێغەمبەر(ص) وەک زانست دەلیت مێشی بێزراو هەلگری
نەخوشی و شیفای نەخۆشییە!

پێغەمبەر(ص) وەک زانست دەلیت مێشی بێزراو هەلگری نەخوشی و شیفای نەخۆشییە!لە ئەبی هورەیرەوە هاتووە کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی:
إذا وقع الذباب في شراب أحدكم فليغمسه ثم لينزعه، فإن في أحد جناحيه داء وفي الآخر شفاء) ئەگەرمێشکەوتەناو خواردنەوەی هەریەکێکتان با) مێشەکە نوقم بکات تیایدا ئەوجا مێشەکە فڕێ بدات، چونکە لە باڵێکیدا دەرد هەیە و لە باڵێکیدا دەرمان هەیە.رواه البخاري (3320
ماوەیەك پێش ئێستا کەسێکی بێباوەڕ وتی: ئاخر ئێوەیموسڵمانچۆن باوەڕتان هێناوە بەو قسەیەی محەمەد کە دەڵێ:
ئەگەر مێش کەوتەناو شلەمەنییەکەوە ئێوە مێشەکە لە شلەکەدا نوقمبکەن و پاشان دەریبهێنن چونکە لەلایەکیدا دەرد هەیەو لەلایەکیشیدا دەرمان.
وەک پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی":
(إذا وقعالذباب في شرابأحدكم فليغمسه ثم لينزعه، فإن في أحد جناحيه داء وفي الآخر شفاء)رواه البخاري (3320)
ئەگەر مێش کەوتە ناو خواردنەوەی هەریەکێکتان با مێشەکە نوقم بکات تیایدا ئەوجا مێشەکە فڕێ بدات، چونکە لە باڵێکیدا دەرد هەیە و لە باڵێکیدا دەرمان هەیە.
دەڵێئەو کاتە نەمزانیچۆن وەڵامی بدەمەوە، چونکە ئەو مرۆڤێکی تەواو ماددییە و باوەڕی بە نادیارەکان نییە و نکوڵیش دەکات لەو بەڵگانەی لای موسڵمانەکانە -کە بە ئەزموون پێی گەیشتوون- تەنها بەڵگەی بەرجەستە و دیاری دەوێت.
دکتۆرە (جوان کلارکی) لە ئوستراليا لێکۆڵینەوەیلەسەر مێش ئەنجامدا ،بینی لەسەر لاشەی مێش هەڵگری دژەتەنە کە دەکرێ چارەسەری زۆرێك لە نەخۆشینەکان بێت.
ئەوانەی کە ئەم لێکۆڵینەوەیان دی زۆر پێی سەرسام بوون و لێکۆڵینەوەکان بەردەوام بوون و بینیان بەڵێ مێش هەڵگری زۆرێك لە نەخۆشییەکانە بەڵام لە هەمانکاتدا هەڵگریزۆرێکیش لە چارەسەرەکانە،هەر لەبەر ئەمەشە مێش خۆی تووشی ئەو نەخۆشینانە نابێت کە دەیگوازێتەوە.
هەواڵی سەیریش لەوەدا بوو زانایان ئەوەیان ڕاگەیاند کە بۆ بەرەڵاکردنی ئەو دژەتەنانە ئەبێت مێش لەناو شلەمەنیدا نوقم بکرێت چونکە دژە تەنەکانی لەسەر ڕووی دەرەوەی هەڵگرتووە،ئەم زانیاریانە چەندساڵێکی کەمە دۆزراونەتەوە.
لە مانشێتی یەکێك لە توێژینەوەکاندا هاتووە:

(ڕوو پۆشی مێش کۆتا شوێنە کە مرۆڤ بە خەیاڵیدا هاتبێت کە دژەتەنی تێدابێت).
لەم سەردەمانەشدا لە ڕوسیا و ئەڵمانیاو ئەمریکادا زانایان دەیانەوێت چارەسەر لە مێشدا بدۆزنەوەبۆ زۆرێك لە نەخۆشینەکان،زانایانی ڕوسیا دەڵێن:
"ئەم چارەسەرە تازەیە بە شۆڕشێکی زانستی پزیشکی دێتە ئەژمار".

Referenc:
1- Danny Kingsley , The new buzz on antibiotics, www.abc.net.au, 1 October 2002.
2-Fruit Flies May Pave Way To New Treatments For Age-related Heart Disease, Burnham Institute, 2007.
3- The ointment in the fly: antibiotics, The Economist, December 3, 1994.
4- Protein in Fly Saliva Speeds Healing of Incisions, Wounds, Auburn University, 23 Jan 2005.
5- Fruit Fly Insight Could Lead To New Vaccines, Stanford University, March 11, 2007.
6- The fly effect: Russian scientists invent new medicine with the help of flies, St. Petersburg State University, 2006.
7-Kaheel7.com

نوسەر:محمد صدقی یاسین
هەرێمی کوردستان-عراق/دهوک
ئیمەیل:
Mohammed.Sidqi@icloud.com

پێغەمبەری(ص) وەک زانست قەدەغەکردنی دانیشتن لەسەر خوانێك دەکات، کە مەی لەسەر دەخورێتەوە.

هەندێك کەس لایان نامۆیە، کە پێغەمبەری ئازیز (صلى الله عليەوسلم) نەهی کردووە لە دانیشتن لەسەر ئەو خوانەی کە مەی لەسەر دەخورێتەوە:وەک دەفەرمویت:(من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يقعد على مائدة يُشرب عليها الخمر) رواه أحمدوالدارميعنجابر،

(واتە (هەر کەسێك باوەری بە خوای گەورەو رۆژی دوایی هەیە، با لەسەر خوانێك دانەنیشێت، کە مەی لەسەر دەخورێتەوە).

بەڵام ئایا لێکۆڵینەوەو زانستی نوێ ئەم یاسایەی پشت راست کردووەتەوە، یاخود بە واتایەکی تر بڵێین:زانستی نوێ ئەم ڕاستییەی سەلماندووە؟ زنجیرەیەك لێکۆڵینەوەی نوێی زانستی روونیان کردووەتەوە، کە بۆنی مەی نەك زیانی کەمتر نییە لە خودی مەیەکە، بەڵکو لەویش خراپترە! لەبەرئەوە زانایان ئاگادارماندەکەنەوە لە دانیشتن لەسەر ئەو جۆرە خوانانەی، کە مەییان لەسەر دەخورێتەوە، چونکە ئەو بۆنەی لە مەیەکەوە دەردەچێتو مرۆڤ هەڵی دەمژێت دەبێتە هۆی چەندین زیانی جەستەیی، کە ئەمانە گرنگەکانیانن:ئەو مادده بە هەڵمبووەی، کە لە پەرداخی مەیەکەوە دەردەچێت زیان بە کۆئەندامی دەماری مرۆڤ دەگەیەنێت، هەروەها دەبێتە هۆی تێکدانی یاسای کارکرنی مێشك.

هەروەها ئەو هەڵمە کاردەکاتە سەر تێکڕایی لێدانی دڵو پەستانی خوێن، دەبێتە هۆی سەر ئێشەو خەمۆکیو هەندێك جار دەگاتە حاڵەتی بورانەوەش، ئەمەش بەپێی ئەو بڕەیە، کە هەڵی دەمژێت.لە ڕاستیدا خواردنەوەی مەی شوێنەواری وێرانکار جێ دەهێڵێت، ئەم زیانانەی کە لە ئەنجامی مەی خواردنەوەوە مرۆڤ تووشی دەبێت، تەنها ئەو کەسە ناگرێتەوە کە دەیخواتەوە، بەڵکو ئەو کەسەش کە لە گەڵیدا دانیشتووە پشکی باشی لەو زیانانە بەردەکەوێت!لە رابردوودا خەڵکی لەو باوەڕەدابوون، کە دانیشتن لەسەر خوانی مەی هیچ زیانێکی نییەو کارێکی ئاساییە،
بەڵام لێکۆڵینەوە نوێییەکان سەلماندوویانە کە زیانی تەواوی هەیە، هەروەکو چۆن جگەرەکێشان دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بەو کەسانەی کە لە دەوروبەری جگەرەکێشەکە دانیشوونو دووکەڵی ئەو جگەرەیە بەبێ فلتەر هەڵدەمژن، کە کاکی جگەرەکێش بە ناویاندا پەخشی دەکات، با خۆشیان جگەرەکێش نەبن، بە دڵنیاییەوە ئەگەر زیاتر لە جگەرەکێشەکە زەرەرمەند نەبن کەمتر نابن.هەندێك لە موسوڵمانانی دانیشتووی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان، پێیان وایە دانیشتن لەسەر خوانی مەی کارێکی ئاساییە، چونکە موسوڵمان لە خواردنەوەیدا بەشداری ناکات، بەڵام دەتوانین بیسەلمێنین، کە دانیشتن تەنها بۆ ماوەی نیو کاتژمێر لەسەر ئەو جۆرە خوانانە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە کۆئەندامی دەمارو دەماغ و دڵ، ئەم زیانانەش گەورەتر دەبێت ئەگەر دانیشتنەکە درێژبووەوە یاخود دووبارە بووەوە.
خۆشەویستانم، ئێستا با پێکەوە بیر لەم فەرمووده پیرۆزەی پێغەمبەری ئازیز(صلى الله عليەوسلم) بکەینەوە کە لەگەڵ هەموو باوەڕدارێکی ڕاستگۆدا دەدوێت و دەفەرموێت:(من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يقعد على مائدة يُشرب عليها الخمر) رواه أحمد والدارمی عن جابر، خودا لێی رازی بێت. واتە (هەر کەسێك باوەڕی بە خوای گەورەو ڕۆژی دوایی هەیە، با لەسەر خوانێك دانەنیشێت، کە مەی لەسەر دەخورێتەوە).پێغە مبەری ئازیز (صلى الله عليەوسلم) لە کوێوە ئەم زانیارییانەی هێناوە، چۆن پێش 1431 ساڵ لەمەوبەر درکی بەو زیانانە کردووە، ؟!دانیشتنی لەسەر ئەو جۆرە خوانانەی قەدەغەکردووە! بێگومان خودای بە دەسەڵاتو بە توانا ئەم زانیاریانەی فێر کردووەو ناردویەتی بۆئەوەی ببێتە رەحمەت بۆ جیهانیان، هەربۆیە رازی نابێت ئوممەتەکەی تووشی زیان ببێت!پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئاینەکەمان ئاینێکی جوانو نایاب نییە، کە گرنگی بە تەندروستی مرۆڤەکان دەداتو ڕێگە نادات کردەوەیەك ئەنجامبدەن، کە زیان بە تەندروستییان بگەیەنێت؟ئایا پێغەمبەری ئازیز (صلى الله عليەوسلم) شایانی ئەوە نییە، کە ڕێزو خۆشەویستی خۆمانی بۆ دەرببڕین؟

Reference:سەرچاوەکان:
1. WWW.TOXNET.NLM.NIH.GOV
2. WWW.INHALANTS.ORG
3. WWW.CNN.COM
4. WWW.ALJAZEERA.NET
5. WWW.NEWS.BBC.CO.UK6. WWW.DW-WORLD.DE

نڤیسەر و وەرگێران:
محمد صدقی یاسین
هەرێمی کوردستان-عێراق/دهوك
Mohammed.sidqi@icloud.com

پێغەمبەر(ص) باسی داهاتی و دروستکردنی پێڵاوی زیرەك دەكات كە دقسە لەگەل خاوەنی خوی دەکاتپێغەمبەر(صلی الله علیە وسلم) باسی هەندێك لە نیشانە بچوكەكانی رۆژی دوایی دەكات و دەڵێت:
[والذي نفْسِي بِيدِهِ، لا تَقومُ الساعةُ حتى تُكلِّمَ السِّباعُ الإنْسَ، وحتَّى يُكَلِّمَ الرجلُ عَذَبَةَ سوْطِهِ، و شِراك نعلِهِ، و يُخبِرَهُ فخِذُهُ بما يُحْدِثُ أَهلُهُ بَعدَهُ]، *صحيح الجامع – 7083*
بەشێكی فەرمودەكە باسی ئەوە دەكات كەوا مرۆڤ لەگەڵ پێڵاوی خۆی قسەدەكاتگەر سەیری بكەین پێمان شتێكی سەیرو گاڵتـە ئامێزە بەڵام ئێستا زانستی نوی پێڵاوی زیرەك بۆتە داهێنان و دروستكراوە !!
ئێستا توانراوە پێڵاوێك دروست بكرێت كە توانای قسەكردنی هەیە لەگەڵ خاوەنەكەی!ئایا ئەمە نابێتـە موعجیزەیەكی تری پێغەمبەر گەر نا كێ و چۆن هەواڵی پێداوە كەوا كاتێكی وەها دێت مرۆڤ بتوانێت قسە لەگەڵ پێڵاوی خۆی بكات

Reference:
http://www.dailymail.co.uk/sciencetech/article-2291275/SXSW-2013-Googles-Hi-tech-shoes-nag-sofa-work-out.html
----

نڤیسەر و وەرگێران:
محمد صدقی یاسین
هەرێمی کوردستان-عێراق/دهوك
Mohammed.sidqi@icloud.com



پێغەمبەر باسی لە هێرشی داهاتی تەتەرەکانی چاوو لووت بچکۆلە و روومەت سوور، روومەتپان خڕ دەکات لەگەڵ تورکدا : لەگەڵ تورکدا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی:
[لا تقوم الساعة حتى تقاتلوا الترك صغار الاعين، حمر الوجوه، ذلف الانوف، كأن وجوههم المجان المطرقة]
واتە: قیامەت نایەت هەتا شەڕ لەگەڵ تورکدا دەکەن چاوو لووت بچکۆلە و روومەت سوور، روومەتپان خڕ و گۆشتن ئەڵێی قەڵغانێکی دووچینە و ئەستوورە (و...اتە قەڵغانێك بەپێستی توراق) داپۆشرابێ و ئەستوور بوبێ.
بخاري و مسلم.
ئەمەش لەهێرشی تەتەرەکاندا خۆی دەبینێتەوە بۆ سەر جیهانی ئیسلامی کە موسڵمانان تەواو نارەحەت بوون بەدەستیانەوە و، شەڕێکی درێژ خایەنیان لەگەڵ کردن و سەرەنجام موسڵمانان سەرکەوتن و ئەوانیش زۆریان لێ موسڵمان بوون.
ئیبن تەیمیە کە خۆی لەڕووداوەکاندا ژیاوە دەڵێ ئەگەر خۆت ئەو گەلە ببینی نازانی وەکو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وەسفیان بکەی، ئیمامی نەوەویش هەمان قسەدەکات
[١]،[٢]

____

[١],[٢]:
سەر بنەمای گۆڤاری هەیڤ
www.haiv.org
[٢]:
(نبوة محمد من الشك الى اليقين /192)

____

ئامادە کردن بو بلاوبون:
محمد صدقی هەرئمی کوردستان-عێراق
Mohammed.sidqi@icloud.com

انجيل برنابا

الفصل الثالث والستون بعد المئة

وذهب يسوع مع تلاميذه الى البرية وراء الاردن، فلما انقضت صلاة الظهيرة جلس بجانب نخلة وجلس تلاميذه تحت ظل النخلة، حينئذ قال يسوع: أيها الاخوة ان سبق الاصطفاء لسر عظيم حتى اني اقول لكم الحق انه لا يعلمه جليا الا انسان واحد فقط، وهو الذي تتطلع اليه الامم الذي تتجلى له اسرار الله تجليا فطوبى للذين سيصيخون السمع الى كلامه متى جاء الى العالم، لأن الله سيظللهم كما تظللنا هذه النخلة، بلى انه كما تقينا هذه الشجرة حرارة الشمس المتلظية هكذا تقي رحمة الله المؤمنين بذلك الاسم من الشيطان، أجاب التلاميذ: يا معلم من عسى ان يكون ذلك الرجل الذي تتكلم عنه الذي سيأتي الى العالم؟، أجاب يسوع بابتهاج قلب: انه محمد رسول الله، ومتى جاء الى العالم فسيكون ذريعة للاعمال الصالحة بين البشر بالرحمة الغزيرة التي يأتي بها .كما يجعل المطر الارض تعطي ثمرا بعد انقطاع المطر زمنا طويلا، فهو غمامة بيضاء ملأى برحمة الله

دۆزینەوەی (ئینجیلی بەرنابا) و باسکردنی ناوی محەممەد پێغەمبەر (ص) بە ڕاشکاوی تیایدا

دۆزینەوەی (ئینجیلی بەرنابا) و باسکردنی ناوی محەممەد پێغەمبەر (ص) بە ڕاشکاوی تیایدا بەرنابا بەپێی خودی سەرچاوە مەسیحی یەکان
.(کەسێکی بەرێز و پایەدارە لە لایەن کەنیسەوە. * ئینجیلێکی دراوەتە پاڵ بە ناوی(ئینجیلی بەرنابا
لە سەرچاوەکاندا باس لەوە کراوە کە (ثاثا جلاسیوس) ساڵی: (492ز) خوێندنەوەی چەند کتێبێکی قەدەغە کردووە، ناوی یەکێك لەوانە (ئینجیلی بەرنابا)یە.
.کە ئەمەش دەیسەلمێنێت (ئینجیلی بەرنابا) لە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام و دواهەمین پێغەمبەردا هەبووە
دوای ساڵەها ساڵی سەرنگوونی و بێ سۆراخیی ئەم ئینجیلە، سەدەی شازدەهەمی زاینی لە ژینگە و دەوروبەرێکی تەواو مەسیحی و لە کتێبخانەی خودی ڤاتیکاندا دۆزرایەوە.
دوای دۆزینەوەی ئەم ئینجیلە و تەرجەمە کردنی بە گەلێ زمان، مشتومڕ و وتووێژی زۆری لەسەر دروست بوو، بە تایبەت لە نێوان موسڵمانان و مەسیحی یەکاندا.
:تایبەتمەندیی ئەم ئینجیلە لەچاو ئینجیلەکانی تردا لە چەند خاڵێکدایە
:یەکەم
:ئینکاریی ئەوە دەکات کە عیسا خوا بێت یان کوڕی خوا بێت. بەڵکو بە پێغەمبەر و بەندەی خوا باسی دەکات
إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ ۖ خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُ كُن فَيَكُونُ
بەڕاستی نموونەی دروست بوونی عیسا لەلایەن خواوە؛ وەک نموونەی ئادەم وایە کە لە خاک دروستی کرد و لەوەودوا فەرمانی داو پێی وت: ببە (بە .(ئینسان) ئەویش بوو، (عیسا دایکی هەبوو، ئادەم دایک و باوکیشی نەبوو
Holy Quran 3:59
کە ئەمەش لەگەڵ قورئاندا یەک دەگرێتەوە)
:دووهەم
(ئینکاری ئەوە دەکات کە عیسا لە خاچ درابێت. (ئەمەش بە هەمان جۆر لەگەڵ قورئاندا یەك دەگرێتەوە
وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ ۚ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ ۚ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ ۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا
بەهۆی ئەو قسەیەشیان کە دەیانوت بە ڕاستی ئێمە مەسیح پێغەمبەری خوا عیسای کوڕی مەریەممان کوشتووە، کەچی لەڕاستیدا نەکوشتوویانەو نە لە قەنارەو خاچیانداو، بەڵکو لێیان تێکچووە و (کەسێکی تریان کوشتووە لە بری ئەو)، بەڕاستی ئەوانەی کە بیرو بۆچوونی جیاوازیان لەو کێشەیەدا هەیە، خۆشیان لە گوماندان تیایدا و ئەوانە هیچ زانستیەکی ڕاستیان نیە لەو بارەیەوە، جگە لە شوێنکەوتنی گومان نەبێت و بەدڵنیاییەوە (دڵنیین) کە نەیانکوشتووەو بۆیان نەکوژراوە.
Holy Quran 4:157
:سێهەم
لە زۆر شوێندا بە ڕاشکاوی ناوی (محەممەد (صلی الله علیه وسلم)) دەهێنێت: وەك ئەم دەقانەی خوارەوە
1 – (39/14):"فلما انتصب آدم على قدميه رأى في الهواء كتابة تتألق كالشمس نصها: لا إله إلا الله محمد رسول الله "
2 – (41/30): "فلما التفت آدم رأى مكتوباً فوق الباب: لا إله إلا الله محمد رسول الله ".
3 – (97/17): "إن اسمه المبارك محمد"
4 – (163/8): "إنه محمد رسول الله ". * * * دۆزینەوەی دەستنووسەکانی ناوچەی (دەریای مردوو) پشتی (ئینجیلی بەرنابا) دەگرێت"

سەرچاوەکان
1 – إنجيل برنابا. ترجمة الدكتور خليل سعادة. نشر محمد رشيد رضا 1908م
2 – ئەستەمبوڵ 19923 – (بذل المجهود في إفحام اليهود) (Doz) ئینجیلی لۆقا تەرجەمەی کوردی (کرمانجیی ژووروو). چاپی دووهەم، چاپخانەی
3 – دانراوی: (السموأل بن يحيى المغربي). نشر وتحقيق: نافع عبدالجبار علوان. مطابع الشعب – بغداد 1969م
(Ohan Matbaacilik الكتاب المقدس. ترجمة ونشر جمعية الكتاب المقدس – لبنان. ضاثی ئەستەمبوڵ 1995ز
4-
محمد وەك لە کتێبی جوولەکە و دیانەکان هاتووە. دانراوی: (عبد الأحد داود) وەرگێڕانی بۆ کوردی: د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان. بڵاوکراوەی نووسینگەی تەفسیر – هەولێر 2006ز
5-
مەکتووبات، دانراوی مامۆستا سەعیدی نوورسی. وەرگێرانی فاروق رسول یحیا. تاران 2005ز . بەشی تایبەت بە (موعجیزاتی ئەحمەدی) کە ئەم بەشە دووجار بە سەربەخۆییش چاپمان کردووە: چاپی یەکەم 1992ز لە ئەستەمبوول، چاپی شەرعیی دووهەم: 2002ز لە سلێمانی چاپخانەی ئاراس
6 – نبوة محمد من الشك إلى اليقين) تأليف (د. فاضل السامرائي). مكتبة القدس بغداد 1978م)
7 – نظرات في إنجيل برنابا. تأليف: محمد علي قطب. مطبعه (مهر) – قم – إيران 1413هـ
8 – چەند پێگەیەکی ئینتەرنێتی ئیسلامی و مەسیحی
9-ww.haiv.org

نڤیسەر؛
سەر بنەمای گەڤاری هەیڤ؛

ئیعجازی سوننەت

پێغەمبەر ﷺ

محمد طدقی